



# ئێستا کاتی چاویلکەیە!

گەرمای هاوین و تیشکی بەتینی هەتاو بێزارکەر و کەشێکی دژە جوانییە، چونکە هەرچی کەرەستە و بۆیە و داو دەرمانی جوانکاری هەن، بە کاریگەریی تیشکی خۆر دەتوێنەوە. تەنانەت هەندێکیان بەرگەی ئەو گەرمایە ناگرن. هەروەها گەرمای ئەو کاتە، دەوروبەری چاوەکانت ڕەش دەکەن و هەندێ جاریش ئەو گەرمایە دەبێتە هۆی پەیدابوونی پەڵەی دەم وچاو، ئەوانەش کە چاویان گەورە و گەشە، لەبەر تیشکی هەتاو ناتوانن چاویان هەڵبێنن، هەروەها ئەگەر دەتەوێ چاوەکانت بە چاویلکەیەکی مۆدێرن کە هەم جوانت بکات و هەمیش چاوانت لە گەرما و خۆڵ و تۆز بپارێزێت، دەتوانی چاویلکەیەکی گەورە لە چاو بکەیت، چونکە تەنیا ئەوە چارەسەرە تا چاوەکانت بە ماکیاژە پارێزراو بن، ئەو چاویلکانەی ئێستا باون، زۆربەیان لە ڕەنگی ڕەشە، تا لە دوورەوە چاوەکانت دیار و گەورە بەرچاو بکەون، هەندێکی دیکەش لە ڕەنگی جۆراوجۆرن، بەتایبەت ئەوانەی تایبەتن بۆ کچانی تازە پێگەیشتوو، یان ئەوانەی حەز بە چاوێلکەی ڕەنگاوڕەنگ دەکەن، واباشە کە چاویلکەکە بە پێوانە و شێوازی خۆت بێت و پڕ بە چاوت بێت.

# جلوبەرگی تایبەت کە بەژن و باڵا بەرزتر دەکات





هەوڵ مەدە بە ڕاهێنانی وەرزشی، یان بە دەرمان و تەنانەت لە ڕێی جادووە باڵات بەرز بکەیت، چونکە ئەمە دوای تەمەنێکی دیاریکراو سوودی نابێت، لەبەر ئەوەی نەش و نمای جەستە دەوەستێت، بۆیە بەر لەوەی هەندێ چارەسەر دەستنیشان بکەین، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە کورتیی باڵات ڕەنگە جوان بێت و بە دڵی زۆر کەس بێت، نەك ببێتە ئاستەنگ لەبەردەم شێوەی جوان و سەرنجڕاکێشت، بەڵام ئەگەر تۆی خانم گوێت بەمە نەدا و سوور بوویت لەسەر ئەوەی کە باڵات درێژ بێت، ئەوا تاکە چارەسەر لە ڕێگەی جلوبەرگتەوەیە، ئەمەش هەندێ ئامۆژگارییە کە یارمەتیت دەدات:

١- ڕەنگی یەکگرتوو بۆ جلەکانت هەڵبژێرە، بەڵام ئەگەر حەزت لە جیاوازیی ڕەنگەکان بوو، هەوڵ بدە بە ڕێژەیەکی کەم بێت و دیاریکراو بێت نەك هەڕەمەکی بێت.

٢- لە دیزاینی باق و بریق دوورکەوە.

٣- لە هێڵی ئاسۆیی جلەکانت دوور بکەوە و هێڵی ڕاست هەڵبژێرە، چونکە درێژیی و ڕێکیت پێ دەبەخشێت.



٤- کاتێ کراسی درێژ دەکڕیت، با بگاتە گۆزینگی پێت و با تەسکیش بێت، بەڵام پێوانەی خۆت بچووکتر نەبێت.

٥- پێویستە تەنوورەکان کورت بن و پانتۆڵەکانیش ناوقەدیان بەرزبێت تا لاقەکانت درێژ دیار بن.

٦- بە تەواوی لە یاخەی بەرز دووربکەوەو پشت بە بڕینی جۆری (V )ببەستە کە گەردەنت دەردەخات و درێژیش پیشانی دەدات.

٧- پشت بە ئێکسسواری زۆر مەبەستە، تەنانەت چاویلکەی خۆریی گەورەش، بەڵکو پارێزگاری لە هاوسەنگیت بکە، هەروەها لە جانتای گەورە دوور بکەوە و ئەوانەیشی کە لاچکی گەورەیان پێوەیە بەکاری مەهێنە.

٨- پاژنەی بڵند دۆستی تۆیە، بەڵام بە پێی هەڵبژاردن، پاژنەی تیژ و باریك هەڵبژێرە، چونکە پاژنەی پان قەبەیی دەردەخات بە بەراورد لەگەڵ پێیە بچووکەکانت کە ئەمەش جوان نییە.

٩- ئەو پێڵاوانە هەڵمەبژێرە کە بە دەوری گۆزینگی پێتدا دەسوورێنەوە، چونکە ئەمە بۆ درێژیی بەژن سوودی نییە.

١٠- لە کۆتاییدا شەبقە، یان ئێکسسواری دیار و بەرچاو بۆ سەرت هەڵبژێرە، چونکە ئەمە چەند سانتیمەترێکی دیکە بەژنت زیاد دەکات.

# کڵاوی کوردەواری خانمان بۆ زەماوەند و بۆنەکان

جل و بەرگ و خشڵی کوردەواری زۆر جوان و سەرنجڕاکێشن لە شێوە و نەخشدا، جارانیش ئافرەتانی کورد، چەندین جۆری خشڵ و مەچەك و ملوانکە و گۆبەرۆك و دەستبەند و هەموو چەشنەکانی دیکەی ئەو جوانکارییانەیان بەکار هێناوە و جێی بایەخی ئافرەتانی کورد بووە، تا ئێستاش لە زۆربەی بۆنە و زەماوەندەکان لەسەر سەر و دەستی کچاندا دەبیندرێن. هەر یەکێك لەو ئێکسسوار و خشلانەش شێوە و دیزاینی تایبەتی هەبووە. کڵاوی سەر هەبوو، کە ئەو کڵاوە وەك نەخشێك بوو لەگەڵ جلی کوردی لەسەر دەکرا. کڵاوی خانمانە دوو جۆر بوون، یەکێکیان لە پێست دروست دەکرا، کە سادە و یەك ڕەنگ بوو، ئەوەی دیکەش لە پەڕۆ و قوماش بوو، ئەوەی دووەمیان زیاتر باو بوو، تا ئێستاش لەلایەن کچانی کوردەوە داوا دەکرێ، کە لەسەرەوە بە قاشە لیرەی جۆراوجۆر رازاوەتەوە، تەنیشتەکانیشی بە زنگیانە و مووروو دەڕازێننەوە، بەشی ناوەڕاستی سەرەوەشی بە نەخش داپۆشراوە، ئەو لیرە و ئێکسسوارانەی لە کڵاوی کوردی خانماندا بەکاردەهێندران، زیاتر لە زیو بوون، تا ئێستاش زیو لە خشڵ و ئێکسسواری کوردیدا بەشی زۆرینەی بەرکەوتووە و لەلای خانمانیش جوان و باوە.









## مۆتۆرسکێل شۆ لە کوردستان

لە زۆربـــەی وڵاتانی جیهان، ماوە ماوە بە بەشــداری کەســانێکی زۆر و بۆ خۆشی خەڵك لە شوێنێکی دیاری کراودا نمایشی مۆتۆرسکێل دەکرێ. مۆتۆرسوارەکان خۆیان بۆ فڕین و وەستان لەســەر مۆتۆڕەکانیان ئامادە دەکەن و دواتریش لە نمایشـــێکی جواندا چەندین جووڵەی سەیر و جوان ئەنجام دەدەن، وادیارە لە کوردستانیش مۆتۆرسواری بەتوانـــا و بوێر هەن، کە هەندێك لـــە خۆیانەوە جار جارە لەســـەر شۆستە و شـــەقامەکاندا بە مۆتۆرســـکێلەکانیان نمایشی وا دەکەن کە جێگەی سەرسوڕمانی خەڵك دەبێت. بەڵام ئەوە مەترســـیدارە و شوێنی تایبەت بە خۆی دەوێت. (کاکۆ ڕەشید) کە بە (ڕۆکۆ) ناسراوە، ئەو گەنجە بەتوانا و خاوەن بەهرەیە کە لەگەڵ مۆتۆرســـکێلەکەیدا هەندێ جووڵەی وا دەکات، ڕەنگە ڕووبەڕووی مەترســـی ببێتەوە. سەبارەت بەو کارانەشی بۆ گوڵان وتی: «ئێمە گروپێکمان



## سەیرترین نمایش لە ئاسمانەوە

چینییـــەکان وێڕای ئەوەی زۆرینـــەی جیهانن لە ژمارەی دانیشتووان، وادیارە دەیانەوێ پێشەنگیش بن لە هەموو بوارێکدا، ئەوەتا گەورەترین و ســـەیرترین نمایشی مرۆڤیان لە ئاسمانەوە ئەنجامـــدا، دوای خـــۆ ئامادەکردن و مەشـــقی چەند ڕۆژە، قوتابیانی پەیمانـــگای (تاگوا مارتال)ی چینی، جوانترین و سەیرترین نمایشان پێشکەش کرد، کە نمایشەکە لە ئاسمانەوە بە گوریس خۆیان شـــۆڕ دەکردەوە و شێوەی جۆراوجۆریان دروست دەکرد. نزیکەی (١٥٠) کەس بەشـــدارییان لەم نمایشە کرد، لە نمایشەکەدا بە جۆرێك خۆیان دەجووڵاندەوە کە وێنەی بازنەیی و شێوەی ئەندازەییان دەنەخشاند، وەك ئەوەی بە دەست کێشرابێت، نمایشەکە ماوەی کاتژمێرێکی خایاند و بەبێ ئەوەی کەسێکیان بکەوێت، کۆتایی هات. ئەو نمایشـــە لە یاریگەی (نانجیگ نیـــگ) و بە ئامادەبوونی خەڵکێکی زۆر بەڕێوەچوو، کە بووە جێگەی سەرسامی ئامادەبووانی نمایشەکە.



داناوە بەناوی تیپی مۆتۆرسکێلانی هەولێر، کە کۆمەڵە کەسێکین جار جارە لەگەڵ هاوڕێ و کەسانی نزیکم، نمایشی مۆتۆرسکێل ئەنجام دەدەین و کەسانی دەوروبەریش سەرمەست دەکەین، بەڵام بڕیارم داوە کە واز لەو کارە بهێنم، چونکە نمایشەکانی تایبەتە و کەسیش پشتیوانی ناکات، ئەی ئەگەر شتێکم بەسەر هات، ئەوکاتە کەس یارمەتیشم نادات».

## ئۆباما و دیکتاتۆرە بچووکەکە بەیەکەوەن!

باراك ئۆباما، سەرۆکە سەرکەوتووەکەی جیهان، کە لەگەڵ زۆربەی سەرکردەکانی وڵاتانی دیکەدا هاوڕێ و دۆستە، پێوەندیشی لەگەڵ زۆربەیان هەیە، لەولاوەش دیکتاتۆرە بچووکەکە، نازناوی (کیم جۆنگ)ی سەرۆکی ئێستای کۆریای باکوورە، بە مێشکە هەرزەکارەکەیەوە زۆر جار وڵاتانی جیهان و بەتایبەت ئەمریکا دەترسێنێت، بۆیە بۆ زۆر کەس سەیرە ئەگەر بڵێین: ئۆباما و سەرۆکە دیکتاتۆرەکە بەیەکەوە گاڵتە و پیاسە دەکەن. ئەگەر سەیری ئەم وێنانەش دەکەی، دەبینی هەردوو سەرۆکەکە بە یەکەوە یاری باسکە و پیاسەی بازاڕ و گاڵتە و گەپ دەکەن. هەرگیز ئەو کارە نابێت، چونکە هەردووکیان ئێستا دوژمنی یەکترن، لێرەدا دەکرێ بیرمان بۆ هاوشێوەکان بچێ، واتە ئەوانەی لە وێنەکاندا دەبیندرێن، ئەوانە ئۆباما و کیم نین، بەڵکو دوو کەسێ هاوشێوەی هەردوو سەرۆکەکەن، ئەو کارەش لەلایەن وێنەگرێکی ئەمریکی بە ناوی (هاوارد ئاما) کراوە، دوای ئەوەی هەردوو هاوشێوەکە دەدۆزێتەوە و پاشان وێنەکانیان دەگرێت.






## کچە بووکە شووشەکە!

ماوەیەك لەمەوبەر کچێکی ئۆکرانی دەرکەوت کە شێوەی زۆر جوان و ناسك بوو بەجۆرێك ئەوانەی دەیانناسی و بینیان بە بووکەشوشە وەسفیان دەکرد، ئەوجارەیان لە وڵاتی رووسیای دراوسێ ئەو کچە، کچێکی دیکە دەرکەوتووە، کە ئەویش هەر بە بووکەشووشە دەچێت و شێوەی رووخسار و لەش و لاری زۆر ناوازەیە، تا رادەیەك گەر قسەت لەگەڵ نەکات، نازانیت ئەوە مرۆڤە، یان بووکەشووشە. ئەو کچە ناوی (ئەنجەلیکا کینۆڤا)یە، تەمەنی (٢٦) ساڵە و وەك خۆی باسیدەکات تا ئێستا هیچ نەشتەرگەرییەکی جوانکاری نەکردووە، بەڵام دەڵێت: شێوەم زۆر کێشەی بۆم دروست کردووە، چونکە هەندێ خەڵك لێم دەترسن کە دەمبینن، یان بڕوا ناکەن من مرۆڤ بم و بە بووکە شووشەکە (باربی) بانگم دەکەن، هەموو کچێك بووکەشووشەیەکە بۆ خۆی، دەبێ کچان متمانەیان بە جوانی خۆیان هەبێت و لە جوانیان دڵنیا بن.



## جیاوازی وێنە





- لەم دوو وێنەیە چەند جیاوازییەك هەیە بیاندۆزەوە !



## کاتژمێرە سەیرەکان ببینە

کەرستە و ئێکسسوارەکان بە چەندین شێوازی هەمەچەشن دروست دەکرێن، تا کڕیار و خواستیان لەسەر زۆر بێت، ئەوەش بیرۆکەیەکە لەلای کۆمپانیا و کارگەکان گەڵاڵە بووە، تا بتوانن بەسەر خواست و ویستی خەڵك زاڵ بن، ئەوەتا سەیرترین کاتژمێریان دروست کردووە، کە هەریەکە بە شێوەیەکە، ئاخۆ دەبێ چ مەبەستێکیان لەم جۆرە کاتژمێرانە هەبێ؟ کۆمپانیای (پاندا)ی تایبەت بە کاتژمێر کۆمەڵێك کاتژمێری جۆراوجۆری دروست کردووە، کە هەر یەکەیان جێگەی سەرنجە، وەك ئەوەی تەنیا بۆ نمایشێك دروست کرابێت، کەچی لە ڕاستیدا وەك هەر کاتژمێرێکی ئاسایی وایە.




## بەسەرهاتێکی گاندی و پێڵاوەکانی !



## مانای خەون

**-کوشتن-**

- زۆر جار خەون بە هاوڕێ و کەسانی نزیکمان دەبینین، یان ئەوان ئێمە دەکوژن، یان ئێمە ئەوان دەکوژین، تەنانەت کوشتن لە خەودا زۆرە و زۆربەش وا دەزانین مانای شتێکی خراپە. با لێرەوە بزانین خەو بینین بە کوشتن و بڕین مانای چییە؟ ئەوەی لە خەودا ببینێ کە خۆی دەکوژێت، مانای کەسێکە هەست و دەروونی پاکە، بەڵام متمانەی بە خۆی نییە، ئەوەی ببینێ کە کەسێکی دیکە دەکوژێ، واتە لەگەڵ ئەو کەسە کێشە و گرفتی هەیە، چاکترە چارەسەری بکەن، ئەوەی لە خەودا ببینێت کە دەیکوژن، مانای ئەوەیە تەمەنی درێژ دەبێت، یان ئەگەر کەسێکت کوشت و خوێن هەبێت، خەوەکە بەتاڵە و چ ماناییەکی نییە.



## پەند و وتە!

**- ویلیام شکسپیر دەربارەی ئافرەت دەڵێ:**
**ئافرەت وەك گیتار وایە، ئاوازە جوان و پڕ سۆزەکانی پێشکەش بە کەس ناکات، تەنیا بۆ ئەوانە نەبێت کە دەتوانن نۆتەکان و ژێیەکانی دڵی ئافرەتێك بژەنن، ئەو کاتە بە ئاوازی دڵی ئافرەت دەگەن.**



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەو کارانەی ئازارت دەدەن، هەر خۆت هۆکاری ئەوەی کە بۆت دروست ببن، ئەگینا دەتوانی لەو کەسانە دووربکەویتەوە کە کێشەت بۆت دروست دەکەن. ڕێگەیەکی شیاوت هەڵبژاردووە لە مامەڵە کردنت لەگەڵ کەسانی دەوروبەر، کەسێکی زیرەکی، بەڵام بەختت کەمە.




### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

تا ماوەیەکی دیکە ئەو کێشەیەی ئێستات بەردەوام بێت، چونکە کەسی بەرامبەرت نایەوێت لێت تێبگات و تۆش بۆ کاتێکی دیکە فەرامۆشی بکە، ئاساییە لەم کاتەدا تووشی دڵتەنگی بیت، بە هۆی ئەوەی کێشەکانی ئێستات قووڵن، بەڵام بەم زووانە چارەسەر دەبێت.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

مەهێڵە کەس لە ڕازەکانت تێبگات و خۆت چارەسەری کێشەی خۆت بکە. ئەو مامەڵەکردنەی خۆت و کەسی نزیکت بەرەو خراپی دەڕوات و پێویستە چاکتری بکەنەوە. ماوەیەکە دوودڵی لە هەر کارێك کە دەتەوێ بیکەیت، ئەوە سوودی بۆت نابێت و پێویستە بوێرانەتر بڕیار بدەیت.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هەر هەنگاوێکت دەهاوێژیت، دەبێ ئامانج و مەبەستێکت هەبێت، ئەو کەسەی لە دڵتە ڕەنگە لەو کاتە گونجاو نەبێت، تا نزیکی یەکتر بن، پێویستیتان بە کاتە تا زیاتر یەکتر دەناسن و لە ڕاز و هەستی یەکتر تێدەگەن، بە دوای کارێکی تازەی، بەڵام لەم کاتەدا بۆت نابێت و دەبێت هەوڵی زیاتر بدەیت.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەوەندە چوونە ناو ژیانی کەسی دیکە، زیانی بۆت هەیە، چونکە کاتێك ئەو هەست دەکات زۆر لێی چوویتە پێش، دەبێتە هۆی گرفت بۆت، هەست بە دڵتەنگی دەکەیت و ئەوەش کاتییە، لەو کاتە پێویستیت بە کەسێکە ڕاستەوخۆ پێی بڵێی و مەترسە لە داهاتووت چونکە بەرەو باشی دەچێت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ڕازیبوونت لەسەر ئەو شێوازە کارانەی ئێستات، هۆکارێکە بۆ زیاتر شکانی هەست و دروونت، پێویستە لەوە زیاتر کار بکەیت و هەوڵ بدەیت و لە مافی خۆت خۆش نەبیت، ئەو ڕێگەیەی هەڵتبژاردووە بۆ چارەسەری کێشەکانت، دروستە و ئەرکی خۆت بە خۆت بیکە و بە کەسی ڕامەسپێرە.

جارێکیان گاندی بە خێرایی دەڕۆیشت تا فریای شەمەندەفەر بکەوێت، چونکە شـــەمەندەفەرەکە دەستی کردبوو بە ڕۆیشتن، کاتێـــک گانـــدی ســـەردەکەوێت، یەکێك لە تاکـــە پێڵاوەکانی لەپێی دەبێتەوە و دەکەوێتە دەرەوەی شـــەمەندەفەرەکە. گاندیش دەســـتبەجێی تاکە پێڵاوەکەی دیکەی داکەند و تێهەڵدا بۆ لای تاکە پێڵاوەکەی دیکەی کە جێمابوو!

ئـــەو خەڵکەی دەوروبەری کاتێك ئەمەیان بینی و ســـەریان سوڕما و گوتیان بۆ وات کرد؟

گانـــدی وەڵامی دانەوە گوتی : ئەو کەســـەی کە ئەو تاکە پێڵاوە دەدۆزێتەوە، خۆزگەی دەخوازێت کە دوو تاك بێت، چونکە ناتوانێت ســـوود لە یەك تاك ببینێـــت، بۆیە ئەو تاکەی دیکەم فڕێدا، چونکە منیش ناتوانم سوود لەم تاکە بەتەنیا ببینم.



## بۆ زانیاریت

### - هەنگ و هەنگوین

هەنـــگ پاکترین و جوانترین بوونەوەرە، کە هەنگوینێکی ساف و پاکمان پێشکەش دەکەن، با هەندێك زانیاری لەسەر هەنگ بزانین، هەنگ لە ڕێگەی بۆن و ســـەماوە یەکتر دەناســـنەوە و پەیوەندی بە یەکتر دەکەن، کاتێك یەکێك لە هەنگەکان شـــوێنێکی گوڵ دەدۆزێتەوە، دواتر دەگەڕێتەوە بۆ شانەکەی و بە خوولانەوەی بازنەیی لە گەورە بۆ بچووك بە هاوەڵەکانی دەڵێت، کە شـــوێنێکی باشـــم دۆزیوەتەوە، کاتێك هەنگ شـــیلەی گوڵ دەخوات، ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو کیسی شوێنی هەڵگرتنی هەنگوین، سەرەتا پێکهاتەی شـــەکری گوڵەکە بە چەند قوناغێك تێپەر دەبێت، پاشـــان بەشـــێکی زۆری ئاوی گوڵەکە جیا دەبێتەوە، کە بە پلەی گەرمی ناو کیســـەکە دەبێتە هەڵم، دوای ئەوەی ئاو و بڕە شـــەکرەکەی لێی جیا دەبێتەوە، پاشان ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێتە هەنگوین. هەر شاهەنگێك، ڕۆژانە (١٥٠٠) هێلکە دادەنێت، نزیکـــەی ٢٥٠٠٠٠ هێلکەش لە هەر وەرزێکدا دەبێت.



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

هەر کاتێك نیازت وایە کارێك بکەیت، سەرەتا دەبێ بیرۆکەی بۆ دابنێیت و پاشان جێبەجێی بکەیت، لە شتێك پەشیمان مەبەوە کە هێشتا نەتکردووە، ئەو کەسەی نیازی تۆی هەیە، دەیەوێ سەرەتا دڵت داگیر بکات، ڕێگەی مەدە تا بە تەواوی لە هەستەکانی تێدەگەیت و دەیناسیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

متمانەکردنی زۆر و لە ڕادەبەردەر بە کەسانی نەناسراو، ئەزیەتت دەدات، بەڵام متمانەکردن بە کەسی ناسراو و تاقیکراوە، کێشەی بۆت نابێت. کەسێکیش لە نزیکتە، هەردەم دەیەوێ یارمەتیت بدات و هەستێکی بۆت هەیە و ناتوانێت پێیت بڵێت، تۆش ماوەیەك لێی نزیك ببەوە تا لە هەستەکەی تێبگەیت.

### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

گرنگە بتوانیت بەسەر هەستەکانتدا زاڵ بیت، چونکە ماوەیەکە لەبەر بیرکردنەوە لە داهاتووت تووشی بێ ئومێدی بوویت، ئەوەش سەرەتایەکە بۆ ڕووخانت، هەوڵبدە هەستیتەوە و دیسانەوە کارەکانت بە جوانی بکەیت، ڕێگەی داهاتووت گونجاوە و بە گەشبینی زیاترە لە ژیانی تایبەتیت بڕوانە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

کاتێك بیر لە داهاتووت دەکەیتەوە، پێویست ناکات ئەوەندە خەمی بۆ بخۆی لەوەی کە ئەو ئاواتەت جێبەجێ دەبێت یان نە، تەنیا پێویستە هەوڵی بۆ بدەیت و ئەنجامەکەشی دەبینی. کاری تازەت داهاتی زۆری بۆت دەبێت و پێویستە قەرەبووی ماندووبوونی خێزانەکەت بکەیتەوە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

کاتێك تووشی ڕووداوێکی نەخواراو دەبیت، نابێ ئەوەندە بیری لێ بکەیتەوە کە باری دەروونیت تێك بدات، پێویستە پەندی لێ وەربگری تا لە داهاتوودا دووبارەی نەکەیتەوە. کاتێکی خۆشت لەگەڵ کەسێکی نزیکت بردە سەر، ماوە ماوە لە یەکتر نزیك بن، هەر کارێك دەیکەیت، سەرەتا بیری لێ بکەوە و دڵنیا بە ئەنجامەکەی باش دەبێت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەوەی دەیەوێ لێت نزیك بێت، دەتوانی بۆ ماوەیەك ڕێگەی بدەیت، بەڵام ئەوەندەش نەیەتە ناو ژیانت کە ژیانت تێکبدات، داهاتووت گەش دەبێت و کەسێك لە نزیکەوە چاودێریت دەکات، ئەو ماوەیە ساتێکی خۆشت بۆ دەهێنێت و لە کارەکانت دوو دڵ مەبە و ژیرانە بیر بکەوە.